# مافی هاوەڵان
## چییە بەسەرمانەوە؟

د.إحسان برهان الدين
www.ihsanburhan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

مافی هاوەڵان چییە بەسەرمانەوە؟

بسم الله الرحمن الرحيم

## ناساندنی کتێب

ناوی پەرتووک: مافی هاوەڵان چییە بەسەرمانەوە؟

نووسین: احسان برهان الدين

نـەخـشەسازیی ناوەوە: عبدالله خاكی

بسم الله الرحمن الرحيم

## مافی هاوەڵان چییە بەسەرمانەوە؟

مافی هاوەڵان بەسەرمانەوە مافێکی زۆر گەورەیە، واجبی سەرشانمانە ئەرکەکانی خۆمان بەرانبەر ئەو کەسە دڵسۆز و مەزنانە - الله لە هەموویان رازی بێت - بەجێ بهێنین، زانایان لە ڕۆشنایی بەڵگەکانی قورئان و سوننەتدا زۆر باسی مافەکانی ئەوان و ئەرکەکانی ئێمەیان کردووە کە دەبێت بەرانبەریان ئەنجامی بدەین، منیش لێرەدا بە پوختی هەندێك لە قسەکانی ئەوان دەخەمەڕوو:

- پێویستە دان بە چاکەکانیاندا بنەین و باسی هەڵوێستەکانیان لە خزمەت کردنی ئەم دینەدا بخەینەروو، دڵەکانیشمان لە هەموو ڕق وکینەیەك بەرانبەر هەر کەسێك لەو هاوڵە بەرێزانە پاك بکەینەوە، بەلکو دەبێت دڵمان پڕبێت لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن وبەگەورەزانینی ئەوان.

- پێویستە ئەوانمان خۆش بوێت و ستایشیان بکەین و هەموو کات باسی چاکەکانیان بکەین، واجبە لەسەرمان بەتایبەتی ئەوانەی کە نووسەر و بانگخواز و وتاربێژن، مەناقیب و هەڵوێستە پرشنگدارەکانی ئەوان بۆ خەڵکی بە جوانی باس بکەن، چونکە ئەوە لەم کاتەدا و لە هەموو کاتێکدا واجبێکی جەخت لەسەر کراوە، بە تایبەتی مامۆستایانی ئایینی کە خەڵکانێکی زۆر گوێیان لێ دەگرن، دەبێت ئەو هەلە بقۆزنەوە و مینبەری مزگەوتەکان تەرخان بکەن بۆ دەرخستنی گەورەیی و ڕۆڵی مەزنی ئەو کەڵە پیاوانە بۆ موسوڵمانان، ئەگەر تەنها ئەو ئایەت و فەرمودانە شەرح بکەن کە باسی ئەوان دەکان کارێکی گەورەیان کردووە.

- واجبە لە سەرمان ئەوان لەلای موسوڵمانان وخەڵکی بەگشتی خۆشەویست بکەین، بە ستایشکردنیان، بە ناوهێنانیان بە ئەوپەڕی ڕێزەوە وبە بە وتنی (رضي الله عنه) لە کاتی ناوبردنیاندا، بە وەرگێڕان و شەرح کردنی کتێبی مەناقیبی هاوەڵان الله لێیان ڕازی بێت لە کتێبەکانی فەرموودەدا، هەر ڕۆژی فەرموودەیەك لەو فەرموودانەی بۆ نموونە لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا دەربارەی فەزائیل و مەناقیبی ئەو هاوەڵە بەرێزانە هاتووە باس بکرێت.
- نابێت هیچ ڕوداوگەلێکی سیاسی، یان ڕوداوەکانی ڕۆژ و سەرقاڵبوون بە کاروباری جۆراوجۆرەوە، لەباسکردن و ناسین وناساندنی ئەوان دوورمان بخاتەوە، بەڵکو دەتوانین بەشێویەك لە شێوەکان ناو و ژیاننامەی ئەوان بە هەموو باس و ڕوداوەکانەوە ببەستین، ئەوانە خۆشەویستی پێغەمبەرەکەمانن ﷺ و سەرگەوەری ئێمەن، ئەرکی سەر شانمانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیاننامەکانیان، لە وتە

جوانەکانیان، لە غیرەت و جوامێرییەکانیان بتەنینەوە، پێویستە زانست و ژیاننامە و فەرموودە جوانەکانیان وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی وبەشێوازی جۆراوجۆر بیخەینە ناو ژیانی خەڵکی. ٥- یەکێك لە ڕێگاکانی بەجێهێنانی مافەکانی ئەوان کە کاریگەری زۆری هەیە ئەوەیە، لە رێگەی نامیلکە و وانەی دەنگی و ڤیدیۆیی ئاسان و بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و درووست کردنی فیلمی کارتۆنی و هۆکاری گونجاوی ترەوە ژیاننامە وچیرۆك و بەسەرهات و کەسایەتی و هەوڵ و کۆششی ئەوان بۆ منداڵان بخەینەڕوو، (هەرچەند گەورەکانیش باوەڕ ناکەم زۆر لە منداڵەکان لە ژیاننامەی ئەوان شارەزاتر بن بەداخەوە)، بۆ ئەوەی لە زانست و لە مەزنی و لە قوربانیدان و لە خۆبوردەیی ئەوان لە هەڵگرتنی ئەم ئیسلامەدا بێ ئاگا نەبن وهاوکات بیانکەن بە پێشەنگ و مامۆستای خۆیان، ئەم خاڵە بەدڵنیاییی گرنگی و کاریگەری زۆری هەیە.

واجبە لەسەرمان ئەوان بکەین بە قودوەو پێشەنگی خۆمان ودینیان لێ وەربگرین و لێیانەوە فێری ئیسلام ببین، پێویستە لە هەموو ئەو کارە باشانەی کە کردوویانە شوێن پێیان هەڵبگرین، لە زانست و کردارەکانیاندا، لە فەرمان بەچاکە و نەهی کردن لە خراپەیاندا، لە غیرەت و توندییاندا بەرانبەر ناحەزانی ئیسلام، لە دونیانەویستی و چاووبڕینە قیامەت و ڕەزامەندی الله تعالی دا، لە گوێڕایەڵی و خۆشەویستیاندا بۆ پێغەمبەرمان ﷺ ئەوان لە هەموو کەسێك لەم ئوممەتەدا باشتر لە فەرموودە و سوننەتی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ تێگەیشتوون، ئەوان لە هەموو کەس باشتر بە کیتاب و سوننەت کاریان دەکرد و لە خۆیان و ماڵ و منداڵ و سەرجەمی ژیانیاندا بەرجەستەیان دەکرد، ئەوان دڵسۆزترین کەس بوون بۆ ئێمە ودورترین کەس بوون لە هەموو بیدعەو داهێنانێکەوە.

- پێویستە بەردەوام ڕەحمەتیان بۆ بنێرین و داوای لێخوشبوونیان بۆ بکەین، الله تعالى فەرموویەتی: (وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ)[١] پێویستە وەکو نزیکترین کەسەکانی خۆمان ئەوانمان خۆش بوێت و بەرگرییان لێ بکەین و دڵ و ناخمان بە ڕێزگرتن بە خۆشەویستی ئەوان لەبەر الله تعالى ئاوەدان بکەینەوە، چونکە ئەوان هەڵگری ڕاستەقینەی ئەم دینە بوون و هاوەڵ و یارمەتیدەر و خزمەتکاری پێغەمبەرەکەمان بوون ﷺ.

---

[١] - الحشر:١٠.

- پێویستە زمانمان پاراو رابگرین لە قسەکردن ورەخنەگرتن لەو کێشەو ناکۆکییانەی لە نێوانیاندا درووست بووە، باوەڕمان وایە ئەوان هەرچیان کردووە مەبەستیان بەرزکردنەوەو خزمەتی ئیسلام بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونە هەندێ جارکەوتوونەتە هەڵە و نەپێکانەوە، کۆشش و ئیجتیهادیان کردووە با هەندێك جار حەقیشیان نەپێکابێت هەر ئەجر و پاداشتی خۆیانیان دەست دەکەوێت و ئێمە نابێت لەو مەسلانەدا قسە بکەین، چونکە ئەگەر ڕاستییان پێکابێت ئەوا دوو جار پاداشتیان وەرگرتووە، ئەگەر ڕاستیشیان نەپێکابێت ئەوا هەر پاداشتیان دەست دەکەوێت لەسەر نیەتەکەی خۆیان الله خێر وچاکەیان بۆ دەنووسێت.

- دەبێت زۆر وریابین وباوەڕ بەو درۆ و بوختانانە نەکەین کە بۆیان هەڵدەبەسترێت، کتێبەکانی مێژوو بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە تاقمە لادەرەکانەوە هەیە پڕن لە قسەی بێ بنەما و ناڕاست بەرانبەر بە ئەوان، دەستی ڕق و کینە ڕۆڵی خۆی بینیوە لە هەڵبەستنی درۆدا بۆ ئەوان، تەنانەت هەندێ بەسەرهاتیش کە وەکو سەنەد ڕاستە و جێگیر بووە، ئەویش نازانین هۆکار و حیکمەتی ئەنجامدانەکەی چی بووە، ئەسڵ ئەوەیە ئێمە گومانی باشمان بەو هاوەڵە بەڕێزانە هەبێت، ئەوان الله تعالی لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە ستایشی کردوون و لێیان ڕازی بووە، بۆیە ئێمەش نابێت - کورد واتەنی - لە گوڵێك کاڵتر بەرانبەر هیچ یەکێك لەو هاوەڵە مەزنانە بڵێین. یەك بەیەکی ئەوان شایانی مەزن ڕاگرتن و خۆشویستی ئێمەن، هەر جۆرە ناشیرین کردن و قسە وتنێك بە ئەو بەڕێزانە بەلای کەمەوە تاوانێکی گەورەیە و دینی موسوڵمانی پێ لەکەدار دەکات.

- یەکێکی تر لە مافەکانی ئەوان بەسەرمانەوە ئەوەیە بزانین جنێودان بە ئەوان و تانەدان لێیان و ناشیرین کردنیان بەهەر شێویەك لە شێوەکان لە کەمترین حاڵەتەکاتیدا حەرامە و هێڵێکی سوورە، قسەکردن بەوان مەعنای قسەکردنە بەئیسلام، چونکە ئەوان ئیسلامیان بە ئێمە گەیاند! چونکە ئەو زێدەڕەوی و سنووربەزاندنە بەرانبەر بەوان سەر لەوە دەردەکات ئایەتی قورئان بەدرۆبخرێتەوە، الله تعالی ستایشی ئەوانی کردووە و بەڵێنی بەهەشتی پێداون، کەاوتە قسەکردن بەوان قسەکردنە بەکەسانیك بەلێنی بەهەشتیان وەرگرتووە، هەروەها قسەوتن بەو کەڵەپیاوانە جارێکی تر بێ ئەدەبییە بەرانبەر پێغەمبەرمان ﷺ کە قەدەغەی کردووە هیچ بێ ڕێزییەك بەرانبەر بە هاوەڵەکانی بکرێت، چونکە ئەولیا و خۆشەویستی الله تعالی و پێغەمبەرەکەین ﷺ دەیان فەرمودە سەلمینەرە ئەم ڕاستییە، ئینجا هەرکێ ئازاری خۆشەویستێکی الله بدات دوژمنایەتی لەگەڵ الله ڕاگەیاندووە: ﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا

اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا)[١] پێغەمبەریش ﷺ لە فەرموودەی صحیح دا فەرموویەتی: (مَن عادَى لي وَليًّا، فقد آذنْته بالحرب).

- واجبێکی تری گرنگ لەم ڕۆژگارەدا - کە موسوڵمانان تێیدا زۆر کەمتەرخەمن - ئەوەیە ناوی منداڵەکانمان بەناوی ئەو هاوڵە بەڕێزانەوە بنەین، باوباپیرانی ئێمە لەو مەسەلەدا زۆر لە ئێمە بەغیرەتتر و ڕاستگۆتر بوون لە سەلماندنی خۆشویستنیاندا بۆ ئەوان.

ناوی أبوبکر و عمر و عثمان و علي وعائشة و حفصة فاطمة و دەیان هاوەڵی تر لە زۆربەی ماڵەکاندا هەبوو، بەڵام ئێستا خەڵکی ئەو ناوانە بە کۆن دەزانن و هەندێك داماوی تر بەناوی عەرەبی دەزانن بۆ هەستیارییان بەرانبەریان هەیە وبگرە هەندێك لەوانەیە بەدواکەوتنیشی بزانن! تەنانەت ئەوەشی کە خۆی بە موسوڵمانێکی زۆر دڵسۆز و باش دەزانێت،

---

[١] - الأحزاب:٥٨.

بەدوای ناوی غەریب و نامۆدا بۆ منداڵەکەی دەگەڕێت، زۆری پێ خۆشە ناوێك بۆ منداڵەکەی بدۆزێتەوە کەس پێش ئەو ناوی وای نەبیستبێت، بۆیە ئێستا ماڵی موسوڵمانان پڕ بووە لەناوی سەیروسەمەرە کە تەنانەت خۆیشیان نازانن مەعنای ئەو ناوانە چییە، تەنها ئەوە گرنگە بەلایانەوە ئاواز و جەرەسی ناوەکە خۆش و سەرنج راکێش بێت! کە ئەوە لە ڕاستیدا نیشانەی بەزین و کەوتنە ژێر کاریگەری عەلمانیەت و جیهانگیرییە وخەڵکی ئامادەن ناوی منداڵیان بەناوی ئەکتەر و یاریزانی جولەکە و نەسڕانی بنێن، یان بەناوی شاخ و ڕوبار و دەریا و ئاژەڵ وباڵدار و شتی سەیر و سەمەرە، یان تەماشای درامایەك دەکەن ئیتر نیوەی ئەو خەڵکە دەکەونە ژێر کاریگەری ناوی ئەکتەرەکانی دراماکە، بەڵام مەخابن ئامادە نین ناوی ئەو هاوەڵە مەزنانەی پێغەمبەرەکەیان لە منداڵەکانیان بنێن، هیوادارم بانگخوازان و ئەوانەی کە قسەیان بیستراوە بایەخ بەم مەسەلە بدەن و بڵاوی بکەنەوە، چونکە ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئێستادا بە کاتێکی ناسك و هەستیاردا تێدەپەڕێن.